خوەنهێنی – (خۆڤەرەساندن)

د . ئەفرام محەمەد حەسەن

★ خوێندکاری دکتۆرا لە پزیشکی دەروونی

Afram_afram @yahoo.com

● لـــــــــە نێوەندی ئەم هەموو وروژاندنە سێکسییەی لەرێی کەناڵەکانی سەتەلایت و فیلمی ڤیدیۆ و ئینتەرنێت و سینەماو زنجیرە دۆبلاژکرا و دۆبلاژنەکراوەکان و... هتد. هـــــــــــەروەها بینینی دیمەنی ئافرەتانی سەرنج ڕاکێش و نیمچە ڕووت لە زۆربەی شەقام و بازاڕەکانی شار و فەرمانگەکاندا وای کردووە تاك لەبەردەم هێرشێکی سێکسی گەورەدا بێت، کە زاڵ بوون بەسەریدا نەك کارێکی ئاسان نەبێت بەڵکو گران بێت گەر ئەستەم نەبێت!.

لەنێو کۆمەڵگەیەکی داخراوی ڕۆژهەڵاتیدا کە ئاین و یاسای وڵات و کەلتوری کۆمەڵایەتی و هەریەکە کۆمەڵە کۆت و زنجیرێکی لـــــــــە چواردەووری بابەتە سێکسییەکاندا کێشاوە وای کردووە باری تاك گرانتر بێت و ئەگەرەکانی بەرەو ڕووبونەوە لاوازتر و کەمتربێت. پێکەوە تێکەڵەیەکیان دروستکردوە هەریەکـــــە ئیجابیاتی ئەوی تر ڕەتدەکاتەوە بەجۆرێك بارەکەیان لەسەر تاك گران کردووە، کە بەناچاری بەرەو هەندێ ئەگەری دەبەن زۆرجار حەزی پێناکات. لەبەردەم ئەم هێرشەدا تاك لـــــــــەنێوان چەند ئەگەرێکدایە ڕەنگە خۆشترینیان تاڵ بێت.

ئەگەری یەکەم ژنهێنان کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی گرانی و سەختی باری ئابوریەوە زۆر لاو بیر لەو ئەگەرە ناکاتەوە بەجۆرێك لەخۆکوشتنی دادەنێ و لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەیەکدا دەیەها کێشەی گەورە بۆخۆی دروست دەکات کە چارەسەری هەندێکیان لەدەست ئەودا نییە چارەسەری هەندێکی تریان بە حەرام نەبێت بە حەڵاڵ چـــارەسەر ناکرێت و واتە بارەکە لە خراپەوە بۆ خراپتر.

ئەگەری دووەم پەیوەندی ناشەرعییە ئەمە لەلایەکەوە دەست هەموو کەس ناکەوێ (با نەڵێم زۆربەی کەس نایکات چونکە دەست نەکەوتن وەکو کردن نییە) لەلایەکی ترەوە نە ئاین نە کۆمەڵگا ڕێگا بەم هەڵبژاردنە نادەن و بڕێکی زۆری ئەوانەی ئەم کارە دەکەن خاوەن خێزانن بۆ ڕابواردنی زیاتر ئەمە دەکەن نازانن پارەکانیان لەکوێ هەڵگرن بۆیە ناچار لە دامێنی سۆزانییەکدا توندی دەکەن!.

ئەگەری سێهەم بایەخ دان بەلایەنی ئاینی و بەڕۆژووبونە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئارەزووی سێکسدا ئەمە لە لایەکەوە بە هەموو کەس ناکرێ لەلایەکی ترەوە زۆرن ئەوانەی سەرەڕای ئەوەش دەکەونە ئەگەری چوارەمەوە هەست بە گوناهێکی گەورە دەکەن و زۆرجار توشی نارەحەتی و دڵەڕاوکێ دەبن و لەخۆیان بێزاردەبن چونکە دەکەونە پێچەوانەکارییەکی گەورەی فیکری و عاتیفیەوە؟! هەندێ جار دڵی خۆیان بەوە دەدەنەوە باوەڕ ساتەو ساتە بەڵام ساتەوسات بۆ بەرزی و نزمییە نەك بۆ چەندبارەکردنەوەی تاوان!!

ئەگەری چوارەم ئاوهێنانەوە(ماستۆربەیشن) واتە تاك بە تەنها لەڕێی بیرکردنەوە وا لەخۆی دەکات ئاوی بێتەوە لەو کاتەدا یاری بە ئەندامی زاوزێ دەکات یان دەیهێنێت بەشتێکدا بەهەر شێوەیەك بێت لەباری پاڵ کەوتن یا دانیشتن یان بەپێوە. لە مێینەدا بارەکە بڕێك ترسناکترە بەهۆی یاری کردن بە ئەندامی زاوزێ و هەندێ جار بەکارهێنانی پەنجەی یان شتێکی تری هاوشێوە بۆناو کە دەشێ لەلوتکەی چێژدا ئاگایی لەخۆی نەبێت و زیان بە پەردەی کچێنی بگەیەنێ(ئاشکراشە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو پەردەیە لە هەموو ناسنامە و باج و بڕوانامەیەك گرنگترە).

ڕێژەی بلاوبونەوەی ئەم کارە لەنێوان لاواندا زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەڕێژەی زیاتر لە 95٪ ی کوڕان و زیاتر لە 85٪ کچان دەکەن.

سەبارەت بە تەمەنی دەست پێکردن بەم کارە جیاوازییەکی زۆر هەیە هەندێ توێژینەوە باس لە تەمەنی 10 ساڵی دەکات و هەندێکی تر تەمەنی 6 ساڵی هەندێکی تر 2 ساڵی.

لەڕووی سوود و زیانی ئاوهێنانەوە لایەنگران و نەیارانی زۆر زیادڕەوی تێدا دەکەن. ﴿کانت دەڵێ: هیچ شتێ نییە هێندەی ئاوهێنانەوە زیان بە مێشك و جەستە بگەیەنێت، ئەم کارە ناگونجێ لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیدا﴾بەڵام هافلید لە پەرتوکی دەرونزانی منداڵ و هەرزەکاردا دەڵێ ﴿بەشێوەیەکی گشتی زیانەکانی ئاوهێنانەوە دەرونییە و هیچ زیانێکی جەستەیی نییە﴾.

دەتوانین بڵێین گەر تاك هەفتەی دوو تاسێ جار ئەم کارە بکات هیچ زیانێکی جەستەیی نییە، بەڵام گەر ڕۆژانە بەم کارە هەستێت یان ڕۆژی چەندجارێ ئەم کارە بکات ئەوە تێبینی کراوە دەبێتە هۆی:

1–ناتەواوی سێکسی: وەکو زوو ئاوهاتنەوە و لاوازی ڕەپیون و لەهەردوو ڕەگەزدا دەبێتە هۆی لەدەست دانی ئارەزووی سێکسی لە هەندێ باری تایبەتدا نەبێ هەست بە ئۆرگازم ناکات. ئەمەش کێشەیەکی گەورەی لێدەکەوێتەوە بەهۆی ئەوەی پێش ئەوەی هاوسەرەکەی تێربێت ئەم ئاوی دێتەوە لەلایەکەوە شکاندنە بۆخۆی لەلایەکی ترەوە ناخۆشییە بۆ بەرامبەر.

2–لە توێژینەوەیەکدا باس لەوە دەکات ئاوهێنانەوە وەکو ڕاکردنە بۆ ماوەی زیاتر لە 1000 مەتر ئەمەش دەبێتە هۆی ئازاری پشت و جومگەکان بەڵام لە مەودایەکی دووردا.

3–کاریگەری دەروونی وەکو دڵەڕاوکێ و دڵتەنگی و پەشیمانی و هەستکردن بەتاوان بە تایبەتی گەر تاك بڕوادار بێت، لۆمەکردنی خۆی و سەیرکردنی خۆی وەکو تاکێکی لاواز کە چەندەها جار بڕیاری داوە واز لەم کارە بهێنێت بەڵام دەگەڕێتەوە سەری.

4–بەفیڕۆدانی کات و وزە: بە هۆی تەرخانکردنی کاتی زۆر بۆ مومارەسەکردنی ئەم کارە و پاشان خۆشتن و هەستکردن بە ماندویەتی.

5–گەلێ زیاتر باس دەکرێ وەك لاوازی بینین و کەم بونەوەی توانای خوێندن و تێگەیشتن و شت وەبیرهاتنەوە... کە هەموویان توێژینەوەی زیاتر و زانستیانەتری دەوێ.

بەڵام سەبارەت بەسود بریتییە لە بەرەنگاربونەوەیەکی ترسنۆکانە بۆ کۆت و زنجیرەکانی کۆمەڵ و ڕاگرتنی سیمای تۆ لەناو کۆمەڵدا بەوەی تاکێکی لەڕووی سێکسەوە ڕاست و ڕەوانیت بەڵام لەودیو پەردەوە کارەکانی خۆت دەکەیت و لەکاتی تێرکردنی ئارەزووەکانتا زیان بەکەس ناگەیەنیت، خۆپاراستنە لە لە تاوانی گەورەتر (زینا)، زۆرجاربە بیانوی خۆپاراستن لە زینا ئەم کارە دەکەیت. لە کاتێکدا ئەگەری دەستکەوتنی زینا نییە یان هێندە کەمە گەر هەوڵی جدییانە نەدەیت زینات دەست ناکەوێ؟!

من لێرەدا لەو نێوەندەدا نیم باس لە چاکی و خراپی ئەو کارە بکەم، یان باس لە هاندان و ڕێگرتنی بکەم، بەڵام پێویست وایە کەسانی پەیوەندیدار روان و کەسانی ئاینی و توێژەرەوە کۆمەڵایەتییەکان و پسپۆڕانی دەروونی .....هتد لەم ڕووەوە زیاتر لە قسەیەکیان هەبێت.